# ئەنفال تاوانێکە کەم و زۆر هەموومان بەشدارین تیایدا!!

**گۆران عەلی**
2005/4/17
goranmad@hotmail.com

لەم رۆژانەدا دەزگاکانی راگەیاندن ،بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان زۆر هەمەلایەنە یادی ئەنفال (مەرگەساتترین کارەساتی مرۆیی لە مێژووی عێراقدا !!)یان کردەوە ،پیشاندانی دیمەنی ئەو ژنانەی کە لەو رابردووەدا ئازیزان و خۆشەویستانیان لە دەست داوەو لە ئێستادا لە سادەترین پێویستییەکانی ژیان بێبەشن ،بێجگە لە ویژدانی دەسەلات هەموو ویژدانێک دەهەژێنێت !

پیشاندانی ئەو دیمەنە تراژیدیایانە لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە تەنها دەتوانێت برینی ئەوان بکولێنێتەوەو زامەکانیان قوڵتر بکات ،لە کاتێکدا ئەو حیزبانەی لە پشتی ئەم راگەیاندنانەوە وەستاون سەروەت و سامانی کۆمەڵگایان لە چنگدایەو دەتوانن بە دابینکردنی لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانی ئەم مرۆڤە مەینەتبارو کارەساتبارانە ، مەینەتییە بێئەژمارەکانیان برێک سوکتر بکات ،سادەترین لێدوانی هەریەکێک لەوانەی کە پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال کردوونی بە مرۆڤێکی تەنیاو بە جێماو ،تەریک،رەشبین،بێلانە ،بێکەس ، بێپشتیوان ، ئەوەیە(هیچمان بۆ نەکراوە ،نەخۆش وبێکارین ، تا نانمان هەبوو کردمان بە دەمی ئەوانەی ئەمرۆ هەموو شتێکیان هەیەو لە ئێمە ناپرسن !!).راگەیاندن کە نانی هەبوو ، بەلام فرمێسکی رشت و نانی نەدا ، پارت کە دەسەلاتی هەبوو بەلام ئەنفالچی کردە دەسەڵاتدارو پەرلەمانتار ،ئیتر هەم فرمێسکی راگەیاندن دەبێتە فرمێسکی تیمساح و هەم پارتی دەسەڵاتداریش دەبێتە فاکتەری درێژکردنەوەی نەزیفی ئەنفال .

ئەنفال یادەوەری تراژیدیایەکی ئینسانییە،یادی مەرگی بەکۆمەڵی ئەو ئازیزانەمانە کە زۆربەمان لە ئاستیاندا کاراکتەری بە ژیان زیندوو بە هەڵوێست مردوو بووین ،وەک تەماشاچی شانۆگەریەکی تراژیدی کە هیچ دەورێک نەگێرێت لە گۆرینی ئاراستەی رووداوەکاندا ، لە بینەری زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی دەچووین کە دوای کۆتایی هاتنی زنجیرەکەو کوژاندنەوەی تەلەفزیۆنەکە، تەنها ووتبێتمان (ئەزانیت تەواو بوو؟!).لە رەوە ئاسکێک دەچووین کاتێک تەقەیان لێدەکرێت هەڵوێستەیەک دەکەن و ئاورێک دەدەنەوە بۆ لای هاورێ برینداەکەیان و وەک خێرایی با ئەو ناوە جێدەهێڵن !

لە سەر تاوانباری سەرەکی لە پرۆسەی ئەنفالدا زۆر نوسراوەو ووتراوە ، دەورەکانی تاوانبارێتی کەم و زۆر دابەشکراوە بە سەر صدام و علی کیمیاوی وشۆڤێنیزمی بەعس و سورەتی قورئانی (ئەنفال)و ناسیونالیزمی کوردو موستەشارو خەفیفەکان و ........هتد ، بە بروای من هەموو ئەمانە کەم تا زۆر راستن و رۆڵیان هەبووە لەو سیناریۆ رەشەدا ، بەلام ئەوەی ئەو سیناریۆی رەشتر کردو بەو جێگای گەیاند ،رۆڵی تەماشاچی ئێمەی نەوەی سەردەمی ئەنفال بوو لەو سیناریۆدا ! بە داخەوە ئەم رۆڵی تەماشاچییە لە ساڵەکانی 80 وە تا ئێستاش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە دونیادا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە تایبەتی ، کەرت کەرت کردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و گۆرینی بۆ تاکێکی دابراوو ناکۆمەڵایەتی،بۆ تەماشاچییەکی بێدەربەست ، دوورەپەرێز لە بریاری چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگا یەکێک بوو یەکێکە لە پەیام و رێنوێنییەکانی فەرهەنگی زاڵ و دەسەڵاتدار لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دونیادا کە ئەویش فەرهەنگی سەرمایەداران و حکومەتەکانیەتی ،من هیچ گومان لەوەدا نابینم کە بەشداری و ئیرادەی ئێمە بۆ پێشگرتن بە روودانی ئەو سیناریۆ دەیتوانی ئاراستەی رووداوەکانی بە شێوەیەکی تر وەرچەرخاندایە،کۆبوونەوەی خەڵکی دەربەندیخان لە دەوری خەڵکی کانیساردا (ئەگەر تەنها بۆ سەیرکردنیش بووبێت) ئەنفالکردنی خەڵکی کانیسارد دەگۆرێت بۆ نیشتەجێبوون لە ئۆردووگای نصر،پێشگرتنی خەڵکی چەمچەماڵ بە کەژاوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ئەنفالییەکانی دەگوێزایەوە بوو بە هۆی رزگارکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە!

**ئەنفال بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی شۆڤێنیستی بەعس بوو ،بەڵام بە بڕوای من تەواوی بڕگەیەکی مێژوویی لە تەواوی دونیادا کە بە ساڵی 1988 ناسراوەو کە تیایدا مەرگەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە ڕوویداوە ،تاوانبارە! لەو بڕگە لە مێژوودا شۆڤێنیزمی بەعس هارو دڕندەو un و ئەمریکاو دەزگا نێودەوڵەتیەکان کەڕو کاس و ئێمەش بێدەربەست و تەماشاچی!**